# ئەنگوستیلەی جادوویی بۆ زۆر مەبەست



کاتژمێری زیرەك، بازنەی زیرەك، لەم دواییەشدا ئەنگوستیلەی زیرەك بۆ چاودێریی تەندروستی و پەیوەندییەکان..

ئەگەر دەرگاکانی ماڵ و شوێنی کارت بەبێ کلیل تەنیا بە ئەنگوستیلەکەی دەستت کردەوە زۆرت لەلا سەیر نەبێ، ئەگەر پەسۆردی موبایل و کۆمپیوتەرەکەت تەنیا بە نزیك کردنەوەی ئەنگوستیلەکەت کرایەوە، سەرت سوڕ نەمێنێ! ئەنگوستیلەی جۆری NFC هەمان ئەو کارە ئەنجام دەدات..

ئەنگوستیلەی NFC یان بە واتایەکی دیکە ring NFC دەتوانێت ببێتە کلیلی دەرگا، هەڵگری پەسۆرد، کارتی بانکی...تاد.

ئەم ئەنگوستیلە بۆ تەندروستیت گرنگە و دەتپارێزت لە نەخۆشی، چونکە لە جۆرە بەردێك دروستکراوە کە بۆ چارەسەری نەخۆشی سوودی لێوەردەگیرێت. خاڵی هەرە گرنگ لەم ئەنگوستیلەدا پێویستی بە شەحن کردنەوە نییە، بە تەڕبوون تێکناچێت. لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس دەگونجێت.

## وەرگێڕێکی بە توانا



لە سەردەمی ئێستادا وەرگێڕە ئامێرەکان شوێنی وەرگێڕی مرۆڤیان گرتۆتەوە، ئێستا پێویست ناکات لە نێوان دوو کەسدا کە زمانێکی یەك نازانن کەسی سێەم هەبێت زمانەکە وەربگێڕێت. جگە لە ئامێر پرۆگرام و ئاپی تایبەت بە وەرگێڕانیش گەلێکن..

نوێترین ئامێری وەرگێڕ AI Cloud Translator IT040 کە دەتوانێت ٣٢ زمان بە بەهێزی و بێ گرفت بۆ یەکتر وەربگێڕێت. جیاوازی ئەم ئامێرە لەگەڵ ئامێرەکانی دیکە ئەوەیە هۆشمەندە و رستە دووردرێژەکان کورت دەکاتەوە و تەنیا کاکڵی مەبەستەکە بۆ بەرامبەرەکە وەردەگێڕێ.

بەکارهێنانی زۆر ئاسانە، تەنیا یەك دوگمە دابگرە، خۆی دەزانێت بە چ زمانێك قسە دەکەی. وەرگێڕەکە لە سیستەمی وای-فای سوود وەردەگرێت و بە ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت و داتاکان لەوێوە وەردەگرێت. جگە لە وەرگێڕان دەتوانێت ٢٥٠ کاتژمێر دیالۆگەکان لەنێوخۆیدا تۆمار بکات.




## ڕۆبۆتێک وەک کارم

لقی سەرەکی بانکی HSBC ژاپۆن لەم رۆژانەدا کارمەندێکی نوێی دامەزراند، کارمەندێکی دەستپاك و بەرپرس! ئەویش رۆبۆتێکە بەناوی pepper واتە بیبەر، بەڵام جۆری تیژەکەی نا، بەڵکو زۆریش شیرینە.

ئەم رۆبۆتە بەرهەمی دوو وڵاتی ژاپۆن و فەرەنسەیە، قەدی ١٢٠ سانتیمە، رووخسار و هەستەکان دەناسێت و لە رێگای دەنگ یان ئەو پەیامانەی لەسەر شاشەی تەبلێتەکە




# ئێربەگی موبایل داهێنانێکی نوێ

سالأنه دەبێت چەند موبایل بەهۆی کەوتنەخوارەوە بشکێن؟ هی وا هەیە لەم هەرێمەدا موبایلێك بە نرخێکی گران دەکرێت و رەنگە پارەی دوومانگ مووچەکەی بێت، بەڵام لە ناکاو دەکەوێتە خوار و دەشکێت، زیانێکی زۆر بەتاکەکان بەهۆی کەوتنە خوارەوەی موبایلەوە لێرەدا سەرهەڵدەدات کە کەس نازانێ چەندە؟

هەر بەم هۆیەوە خوێندکارێکی ئەڵمانی بەناوی «فلیپ فرنزل»، کەڤەرێکی بۆ موبایل بەرهەم هێنا کە وەك ئۆتۆمبیل ئێربەگی هەیە، ئەوکاتەی کەوتە خوار بەهۆی هەستەوەرێك سپرینگەکانی دەکرێنەوە و ناهێڵێت زیانێك بە موبایلەکە بگات. ئەم کەڤەرەی نوێی موبایل بە AD Cace ناسراوە.

## ـــــــــۆ پەیوەندییەکان






## ـــــەندی بانک دامەزرا

نیشان دەدرێن لەگەڵ کەسانی تر پەیوەندی دادەمەزرێنێ.

رۆبۆتەکە وەك پاسەوانی بانك لە شەودا کار دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا وەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە سەردانی بانك دەکەن، ئەگەر کەسێك شارەزایی نەبوو لە یاساکانی بانك فێری دەکات و جگەلەوەش پێیان دەڵێت بچنە کام بەشی بانك و جارجارەش نوکتەیان بۆ دەگێڕێتەوە.

# ئامێرێکی نوێ بۆ چاودێری شەکرە






نەخۆشیی شەکرە واتە (دیابێت) نەخۆشییەکی درێژخایەنە، هەتا ئێستا چارەسەری یەکجارەکی نەدۆزراوەتەوە، نەخۆشانی شەکرە دەبێت بەردەوام ئاگاداری تەندروستی خۆیان بن و ئاستی شەکریان لە خوێندا بپێوین و بۆ ئەوەی چارەسەری پێویست وەربگرن، ئامێری بەربڵاوی نەخۆشی شەکرە هەر ئەو ئامێرە بچووکانەن کە بە دڵۆپاندنی دڵۆپە خوێنێك بەسەر شریتی ئامێرەکەدا ئاستی شەکرەیان دەزانن.

لەم ماوەیەدا هەستەوەرێك بەرهەم هاتووە کە لە ژێر پێستی نەخۆشەکە دادەنرێت و هەتا سێ مانگ کار دەکات.

هەستەوەرەکە لەگەڵ موبایلی بەکارهێنەرەکەی بەهۆی سیستەمی وای-فای و ئاپێکەوە زانیاری سەبارەت بە نەخۆشەکە بەرێ دەکات. خاڵی سەرنج راکێشی هەستەوەرەکە ئەوەیە کە لە بەردەوام بەهەر پێنج خولەکێك زانیاری بۆ ئەپلکەیشنەکە دەنێرێت.

# پرۆگرامێک کۆمپیوتەرەکەت دەکاتە موبایل



سیستەمی ئەندرۆید و سیستەمی ویندۆزی موبایل زۆر لێك جیان، بەڵام شارەزایانی ئەم بوارە لەمێژە ئەم دوو سیستەمیان تێکەڵ بەیەك کردوون و ئێستا هەر پرۆگرام، یاری، وێنە لەسەر موبایلەکەت هەبێت دەکرێت لەسەر کۆمپیوتەریش بکرێتەوە. ئەو پرۆگرامانەی هێڵی پەیوەندی موبایل و کۆمپیوتەرن گەلێکن، یەکێك لەو پرۆگرامانەش پرۆگرامی MEmu Android Emulatorە، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێت هەر یارییەك و پرۆگرامێك لەسەر موبایلەکەتە لەسەر کۆمپیوتەر بیکەیەوە. بەهۆی ئەوەی کە میمۆری و رامی موبایل ئەوەندە بەهێز نییە، ناکرێت یارییە قورسەکان لەسەر موبایل بکرێنەوە و هەروەها شاشەی موبایلیش بچووکە ئەو چێژەی نییە کە لەشاشەی گەورەی کۆمپیوتەر سەیری دەکەی. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەمانەن:

- پشتیوانی لە دەسکی گەمە.
- گونجاو لەگەڵ گشت یارییەکی ئەندرۆیدی و پرۆگرامە گرنگەکان.
- وەرگرتنی یارییە ئۆنلاینەکان لە ئینتەرنێت.
- ئاسان کۆپی کردنی فایلەکان لە ویندۆزە بۆناو پرۆگرامەکە.






## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی ئازیز دەپرسێت، ئایا دروستە هەر موبایلێك دەبێ شاحینە (شارژەر) خۆی شەحن بکرێتەوە، ئەگەر نەکرێتەوە چی دەبێ؟**

خوێنەری بەرێز، بەڵێ دەبێت هەر موبایلێك بە شاحینەی خودی موبایلەکە شەحن بکرێتەوە، بەو هۆیەی رێژەی وزەی هاتوو بۆ باتری موبایلەکە بۆ شاحینەی تایبەت بەخۆی گونجاوە، بۆ ئەوەی کە زیان بە پارچەکانی دیکەی موبایل نەگات دەبێت لە شەحنی خۆی سوود وەربگرێت، هەرچەندە ئەگەر بە شەحنی جیا لە خودی کۆمپانیای موبایلەکە شەحن بکرێتەوە، دەبێت، بەڵام لە درێژمەودادا کێشەی سووتان و تێکچوونی باتری روو دەدات.



# قەڵەمێک شاشەی ئاسایی دەکاتە شاشەی لەمسی

ئەو مۆنیتۆرانەی هەستیارن بە دەست لێدان و بەرکەوتن، لە کۆمپیوتەردا ئاسانکاری زۆر بۆ بەکارهێنەرەکانی دەڕخسێنن، مۆنیتۆری لەمسی سیستەمەکەی لەگەڵ مۆنیتۆرێکی ئاسایی جیایە، بەڵام تەکنەلۆژییەکی نوێ بەرهەم هاتووە بەناوی E-touch کە قەڵەمێکە لە شوێنی USB کۆمپیوتەر دەخرێت و بەهۆیەوە شاشەکە دەبێتە لەمسی. قەڵەمەکە پشتیوانی لە گشت جۆرە شاشەیەك دەکات لە قەبارەی بچووکەوە هەتا قەبارەی ١٧ ئینجی. بۆ گشت سیستەمێکیش دەگونجێت.





# هارددیسکی ١٢ ترابایتی و ئەمنییەتی سەرکەوتوو

کۆمپانیای ڤێسترین دیجیتال (Western Digital) کە چالاکییەکانی خۆی زیاتر لە بەرهەمهێنانی هارددا چڕکردۆتەوە، لەم ماوەیەدا هاردێکی ١٢ ترابایتی بەرهەم هێنا. ئەم هاردە تایبەتە بە سیستەمی ئەمینیەتی و چاودێری وەك تۆمارکردنی فیلمەکانی کامێرای چاودێری و دەبێ ٢٤ کاتژمێر لە گشت کەش و هەوایەك لە کاردابن.

هارددیسکەکە کە لە زنجیرەی Purpleە توانای دانان و سڕینەوەی زانیاری تا ٣٦٠ ترابایت لە ساڵدا هەیە و دەکرێت لە یەك کاتدا بە ٦٤ کامێراوە پەیوەند بدرێت. خاڵێکی گرنگی ئەم هاردە ئەوەیە کە وزەیەکی زۆر کەمی دەوێت بۆ کارکردن. هاردی ناوبراو لە زەینی دەستکرد سوود وەردەگرن و لەگەڵ کامێراکانی چاودێری کە دیمەن و گیاندار و مرۆڤ لێك جیادەکەنەوە دەگونجێت.

## ماڵپەڕێک بۆ تاقیکردنەوەی هەستی بیستن

ئەگەر پێت وایە وەکو جاران هەستی بیستنت نییە و بە باشی گوێت لە دەنگەکان نابێت، بەر لەوەی سەردانی هیچ پزیشکێك بکەی، سەرێك لەم سایتە بدە کە وەك تاقیگەی بیستن وایە.

سایتی پاش کردنەوەی و چەند پرسیارێك وەك سەر بە چ رەگەزێکی، لە لەیسیك (سمعك) سوود وەردەگری، یان ئاسایی، بە هیدفۆن گوێ دەگری یان بە سپیکەر..تاد، شریتێکی دەنگ هەیە دەنگی کەم بکەوە تا ئەو کاتەی گوێت لێدەبێ، دواتر پرسیاری سادەت لێدەکات ئەگەر بە ئاسانی وەڵامت دایەوە. ئەوە دواتر پێت دەڵێت بیستنت لە چ ئاستێك دایە.

# مایکرۆسۆفت و موبایلی جووت شاشە

مایکرۆسۆفت بە درەنگەوە هاتە ناو جیهانی بەرهەم هێنانی موبایل، بەڵام لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانی گۆڕانکاری جیدی لە جیهانی موبایلدا پێك بێنێ، بڕیار وایە ئەمساڵ موبایلە نوێیەکەی مایکرۆسۆفت بکەوێتە بازاڕ، ئەم موبایلە دوو شاشەی هەیە و وەك لاپتۆپێکی دوو شاشە دەچێت، ناوی موبایلەکە یان (ئەندیرۆمەدا) یان (سێرفێس فۆن) دەبێت، گەر بکەوێتە بازاڕ گۆڕانێکی نوێ دەبێت لە تەکنەلۆژیای موبایلدا.

موبایلەکەی مایکرۆسۆفت هەروەك ئاماژەی پێدرا، دوو شاشەی هەیە، شاشەکان لێك جیا دەبنەوە و دەبێتە دوو موبایلی لێك جیا، دەکرێت هەردوو شاشەکە پێکەوە ببن بەیەك شاشەو دەشکرێت هەرکام لە شاشەکان بەجیا بن و دوو پرۆگرامی جیایان لەسەر کرابێتەوە.